# وەڵامی راپۆرتی

## رێکخراوی هیومان رایتس وۆچ راپۆرتێکی بە ناوی (ژیانی ئافرەتانی ژێردەستی داعش)

## (ئۆفیسی رێکخەری راسپاردە نێودەوڵەتییەکان لە حکومەتی هەرێمی کوردستان)

## سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران

2020 Updated

ڕۆژی چوارشەممەی ڕێکەوتی 2016/4/6ڕێکخراوی هیومان رایتس ووچ ڕاپۆرتێکی بە ناوی ( ژیانی ئافرەتانی ژێردەستی داعش) بڵاوکردەوە، و تێیدا تیشکی خستۆتە سەر ڕەوشی ئەو ئافرەتانەی لەژێر دەسەڵاتی داعش ژیان بەسەر دەبەن و ئەوانەی کە رزگار دەکرێن دوای رفاندنیان، هەروەها باس لە ڕەوشی ژمارەیەک ئافرەت دەکات لە کەمپەکان ڕێگا پێنادرێت هاتوچۆ بکەن و بە زۆری لە کەمپەکان و نیشتەجێ کراون بەتایبەتی لە کەمپی نزراوە لە پارێزگای کەرکوک. دوای وردبوونەوە و کۆکردنەوەی زانیاری پێویست سەبارەت بەو بابەتانەی کە لە راپۆرتەکەدا باس کراوە، ئەمەی خوارەوە ڕەت کردنەوەی ڕاپۆرتی ناوبراو نییە بەڵکو بە دەرفەتێکی دەزانین ئەو کار و چالاکیانەی حکومەتی هەرێم لەو بارەدا پێشکەشی کردوون بخەینە ڕوو، لە هەمان کاتدا ئیزافە کردنی چەند زانیاری و ڕوونکردنەوەی ئەو بابەتانەیە کە باس کراون.

**<u>ڕەوشی ئێزیدییەکان بە گشتی و ئەو ئافرەتە ئێزیدیانەی لە دەست داعش ڕزگار کراون:</u>**

ئێزیدی خاوەن ئایین و مێژوویەکی دەوڵەمەند و دابونەریت وکەلتووری تایبەتی خۆیانن زۆربەشیان لە نزیك پارێزگای موسڵ و ناوەندی قەزای شنگال و دەوروبەری لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم بەتایبەتی لە "قەزای شێخان، باشیك، بەحزانی، شنگال، زومار، ئەلقوش"، لەسنوری پارێزگای دهۆك "سمێل، کۆمەڵگای خانکێ، ناوچەی دێرەبون و ئەم ناوچانەش زۆربەیان کەوتبوونەتە بەر هێرشی تیرۆریستانی داعش و خەڵکەکەی ئاوارەی هەرێمی کوردستان بوون تا ئەو کاتەی لەلایەن هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە رزگار کرانەوە.

دوای هێرشەکانی داعش بۆ دەشتی موسڵ و داگیرکردنی شەنگال لە سەرەتای مانگی ئابی 2014 تەنیا ئێزیدییەکان نەبوونەئامانجی تیرۆریستان بەڵکو کریستیان و شەبەك و تورکمانەکانی ناوچەکەش ڕووبەڕووی جینۆساید و نەهامەتی و کارەسات بوونەوە و بۆ رزگارکردنی ژیانیان ناچاربوون شوێنەکانی خۆیان جێهێشت و ڕوویان لە هەرێمی کوردستان کرد، بەڵام لەبەر تایبەتمەندیی ئایینیان هێرشەکان زیاتر بۆ لە ناوبردنی ئێزیدییەکان بوو .

حکومەتی هەرێم پێشوازی کرد لە لێقەوماوان و ئاوارەکان و بەپێی توانا یارمەتیی دان لەرووی دابینکردنی شوێنی حەواندنەوە و دروستکردنی کەمپ لە هەولێر و دهۆك و سلێمانی بۆیان و دابینکردنی خۆراك و ئاوی خواردنەوە وخزمەتگوزاری و پێداویستییەکانی پەروەردە و خوێندن و تەندروستی بۆیان بە هاوکاری وهەماهەنگی لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان.

دوای وردبوونەوە و هەماهەنگی لەگەڵ چەند لایەنێکی پیوەندیدار بە ڕاپۆرتەکە گەیشتینە ئەم زانیارانە سەبارەت بە ڕەوشی ئێزیدییەکان و ئەو کار و خزمەتانەی حکومەتی هەرێم لە ڕێگای لایەنە پەیوەندیدارەکان ئەنجامیداوە.

**بەڕێوەبەرایەتی کاروباری ئێزیدییەکان لە وەزارەتی ئەوقاف:**

دوای داگیرکردنی شنگال (٦٢٨٤) هاووڵاتی کوردی ئێزیدی لەلایەن داعشەوە رفێندران لەوانە ٣٤٦٧ مێ و ٢٨١٧نێر حکومەتی هەرێم هەوڵەکانی خۆی چڕ کردەوە بۆ رزگارکردنیان، لە رۆژی 2014/11/25 لێژنەیەکی دامەزراند بۆ کۆکردنەوەی زانیاری و بەدواداچوون لە کەیسی ئافرەتە ئێزیدییە رفێندراوەکان و بودجەیەکی تایبەتی تەرخان کردووە بۆ ئازاد کردنیان بۆ ئەم مەبەستەش برێک پارەی بۆ ئەو کەسانە تەرخان کردووە کە هەر ئافرەتێك ئازاد دەکات یان بە زانیاری یارمەتی ئازاد کردنیان بدات. دوای گەڕانەوەشیان حکومەت هەموو ئامادەکارییەك دەکات بۆ حەواندنەوەیان ودووبارە گەڕاندنەوەیان بۆ نێو کۆمەڵگا و دەستپێکردنەوەی ژیانێکی ئاسایی.

لەم رووەوە و بە هەوڵەکانی حکومەت تا رێکەوتی 2016/3/٢٤ ئەوانەی رزگارکراوەکان بەم شێوەیە بوو: (٢٥٧٥) کەس لەوانە (٩٣٠) ئافرەت و(٣٢٥)پیاو، (٦٥٣)منداڵ کچ و(٦٦٧)منداڵی کوڕ و هەوڵەکانیش بەردەوامن بۆ رزگار کردنی ئەوانەی لە دەست داعش ماون، هەروەها بە هاوکاری رێکخراوە نێودەوڵەتی و ناحکومیەکان کار دەکات بۆ رزگارکردنی ئەو ئافرەت و منداڵانەی لەو ناوچانە ماون کە مەترسی شەڕیان لەسەر ماوە و نیشتەجێکردنیان لە کەمپەکان.

بۆ گرنگیدان بە تەندروستی دەروونی ئافرەتە رزگارکراوەن لە هەولێر سەنتەرێکی دووبارە شیاندنەوەی ئافرەتە رزگارکراوەکان لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی کاروباری ئێزیدییەکان لە وەزارەتی ئەوقاف و رێکخراوی (CRI)ی ئەمریکی دامەزراوە و تا ئێستا (١٦٣) ئافرەتی رزگار بوو سوودیان لێی وەرگرتووە، بەڵام بە هۆی قەیرانی داراییەوە چەند روویەکەوە کەم و کوڕی هەیە و خزمەتگوزارییەکانیان وەکو پێویست نییە.

ئافرەت وکچە ئێزیدییە رزگارکراوەکان پێویستییان بە مامەڵەیەکی تایبەت هەبوو لەلایەنی دەروونییەوە ئەمەش تا رادەیەك ئاسان نەبوو، چونکە تووشی شۆك ببوون لە ئەنجامی ئەو تاوانە نا مرۆڤانەی دەرهەقیان ئەنجامدرا بوو دووبارە گێڕانەوەیان بۆ نێو کۆمەڵگا و دەستکردنەوە بە ژیانی ئاسایی خۆیان وەک هەر تاکێکی دیکەی کۆمەڵگا ئەرکێکی سەخت بوو و پێویستی بە هاوکاری حکومەت هەبوو لەگەڵ هەموو لایەنە پەیوەندیدارەکان.

لەم رووەوە حکومەتی هەرێم پیاوانی ئایینی ئێزیدی هاندا بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە، ئەنجوومەنی رۆحانی ئێزیدی هەڵوێستێکی ئیجابی و مرۆڤانەی هەبوو بۆ دووبارە گەڕاندنەوەی ئەم ئافرەتانە بۆ ناو کۆمەڵگا، چونکە لە ئایینی ئێزیدیدا لەبار بردنی منداڵ بە کارێکی حەرام و قەدەغە کراو دادەنرێت، بەڵام بە لەبەرچاوگرتنی ئەو کارەساتەی رووبەروویان بۆوە ئەنجوومەنی رۆحانی ئێزیدییەکان فەتوای دەرکرد کە پێویستە پێشوازییەکی گەرم و شایستە لەو ئافرەتە رزگار بووانە بکرێت لە هەمان کاتدا ئافرەتەکانی بە (پیرۆز) وەسفی کردوون، هەرچەندە ژمارەیەک لە ئافرەتەکان بەر لە رزگاربوونیان و گەڕانەوەیان بۆ ناو کەس وکاریان ئەم کردارەیان ئەنجامدابوو.

**وەزارەتی تەندروستی:**

ئەگەر سەیری هەموو کەمپەکانی پەنابەر و ئاوارەکان بکەین دەبینین کە ئێزیدی، عەرەب، شەبەك، مەسیحی، تورکمانەکانی شیعە ...تاد، وەکو یەك یارمەتی لە حکومەتی هەرێمی کوردستان وەردەگرن بەتایبەت لە رووی تەندروستییەوە، و هیچ جیاوازییەك لە نێوانیاندا ناکرێت.

حکومەتی هەرێم بەپێی پلانێکی ستراتیژی بەبەشداری گشت دامودەزگاکانی هاوکاری بە پەلەی پێشکەش بە ئاوارە ئێزیدییەکان کرد  لە گشت بوارەکان، چونکە ئێزیدییەکان دووچاری هێرشی لە ناکاوی داعش بوونەوە و تەنیا ژیانی خۆیان رزگار کرد تەنانەت بەشێکیان لەژێر دەستی داعش لە ناوچە داگیرکراوەکانیان مانەوە تا ئەو کاتەی ناوچەکانیان رزگارکرایەوە.

بە گوێرەی راپۆرتەکانی رێکخراوی تەندروستی جیهانی (WHO) لە سالانی رابردوو ئەو خزمەتگوزاریانەی حکومەتی هەرێمی کوردستان پێشکەشی ئاوارەکانی کردووە زۆر باشتر و پێشکەوتووترن لەوانەی لە ناوچەکانی دیکەی عێراق پێشکەش دەکرێن، سەرەڕای ئەوەی حکومەتی هەرێم تەنیا رێژەی 19%ی خزمەتگوزاری تەندروستی پێویستی پێدەگات لە بەغدا کە پشکی هەرێمە بەبێ رەچاو کردنی ئەم ژمارە زۆرەی ئاوارەی ئێزیدی و ئەوانەی لە سوریا و ناوچەکانی دیکەی عێراق روویان لە هەرێم کردووە.

لە ڕووی دابینکردنی خزمەتگوزاری تەندروستییەوە حکومەتی هەرێمی کوردستان پلانی گەشەپێدانی نیشتیمانیداناوە بە راوێژ لەگەڵرێکخراوی تەندروستی جیهانیبۆ پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری تەندرووستی بۆ ئاوارەکان.سەرەڕای ئەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە قەیرانێکی ئابووریدایە و هاتنی ئەم هەموو ئاوارانە فشارێکی زۆری درووستکردووە، بەڵام گرنگییەکی زۆری بە ئاوارە ئێزیدییەکان داوە و لە هەوڵی بەردەوام بووە بۆ کەمکردنەوەی ئازارەکانیان و نەهێشتنی کەموکوڕیەکان، یەکێك لە لایەنە هەرە گرنگەکان کە حکومەتی هەرێمی کوردستان گرنگی پێداوە لایەنی تەندرووستی جەستەیی و دەروونی و دابینکردنی پێداویستییەکانیانە.

حکومەتی هەرێم لە هەوڵدایە بۆ دابینکردنی خزمەتگوزاری تەندروستی و منداڵبوون و دایکایەتی و  رەچاوی پرەنسیپە نێودەوڵەتییەکانی تایبەتی بواری تەندروستی دەکات، بۆ ئەم مەبەستەش لە کەمپەکاندا بنکەی تەندروستی دانراوە کە خزمەتگوزاری پێشکەش بە ئاوارەکان دەکات و چەندین بنکەی تەندرووستی تایبەت بە لەدایکبوونی لە کەمپەکان دامەزراندووەو بە هەزاران منداڵی ئێزیدی لەدایکبوون لە نەخۆشخانەکان و بنکە تایبەتەکانی لەدایکبوون، و رێگا لە ئاوارەکان ناگیرێت بۆ وەرگرتنی چارەسەری نەخۆشی بچنە دەرەوەی کەمپەکان، هەروەها لە هەموو رسوماتی تەندروستی بەخشراون.

لەلایەکی دیکەوە بە هەماهەنگی لەگەڵ رێکخراوی تەندرووستی جیهانی گرنگییەکی تایبەتی داوە بە تەندرووستی ئافرەتە رزگاربووەکانی ژێر دەستی داعش، لەگەڵ چاودێری بە پەلەی تەندرووستی ئافرەتانی دووگیان و ئەوانەی منداڵیان بووە، رێگە گرتن لە دووگیانی نەخوازراو، مردنی منداڵان و تووشبوونیان بە نەخۆشییەکان و چەندین کلینێك و سەنتەری تایبەتی بۆ تەندروستی ئافرەتان لە بواری منداڵ بوون لەو کەمپانە کردۆتەوە، بۆ ئاگاداربوونی زیاتر لە تەندرووستی ئافرەتان لە کاتی منداڵبوون و دوای منداڵبوون.

سەرەڕای ئەو خزمەتگوزارییە تەندروستییانەی لە کەمپەکانەوە پێشکەش بە ئاوارەکان دەکرا، لە هەمان کاتدا نەخۆشخانەکانی پارێزگاکانیش پێشوازییان لێکردووە بەتایبەتی ئافرەتانی دووگیان و ئەوانەی منداڵیان بووە لە نەخۆشخانەی هەولێر بەشێکی نوێی ئافرەتان و منداڵبوون کرایەوە. هەروەها ئەو ئافرەتە ئێزیدیانەی کە دووگیان بوون دوای ئازاد کردنی شەنگاڵ بەشێکی تایبەتیان بۆ کراوەتەوە و خزمەتگوزاری تایبەتیان پێشکەش کراوە.

هەروەها وەزارەتی تەندروستی حکومەتی هەرێمی کوردستان و ڕێکخراوی تەندروستی جیهانیئەرکی پاراستنی تەندروستی ئافرەتە رزگارکراوەکان لە بواری تەندروستی (جەستەیی- دەروونی) بە ئەولەویاتی کارەکانی خۆیان داناوە.

کارەساتی ئافرەتە ئێزیدییە رفێندراوەکان، جگە لە کاریگەریی جەستەیی، کاریگەریی دەروونی زۆریشی لە دوای خۆی جێهێشت، بۆیە حکومەتی هەرێمی کوردستان گرنگییەکی زۆری بە تەندروستی دەروونی ئاوارەکان بە گشتی و ئافرەتە ئێزیدییە رزگاربووەکان بەتایبەتی داوە، چونکە ئەم ئافرەتانە دووچاری کوێلایەتی و دەستدرێژی بوونەتەوە، ئەمەش کاریگەریی دەروونی زۆری لەسەریان هەبووە و پێویستیان بە چاودێرییەکی تەندروستی چڕ هەبووە.

بۆ دووبارە گەڕانەوەی ئەو ئافرەتانە بۆ نێو کۆمەڵگا، سەنتەرێکی چارەسەری جەستەیی ودەروونی تایبەت بە ئافرەتە رزگاربووەکان لە دهۆك دامەزراوە و چەندین پزیشك وپسپۆڕی دەروونی لە دەرەوە هاتوون بە هاوکاری پزیشکە دەروونییەکانی ناوخۆیی خۆبەخش لەم سەنتەرەدا کار دەکەن لەوانەش د. نەغم نەوزاد کە لەلایەن وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا رێزی لێنرا و یەکێک بووە لەوانەی ڕووی دەروونی و بواری تەندروستییەوە هاوکاریی ئەو کچە ئێزیدییانەی کردووە کە لە دەست داعش رزگار دەکرێن  و تا ئێستا خزمەتگوزاری پێشکەش بە سەدان ئافرەتی رزگارکراوی دەست داعش کردووە، بەڵام بە هۆی قەیرانی ئابوورییەوە ئەم سەنتەرە لە زۆر رووەوە کەموکوڕی هەیە و پێویستە بە هاوکاری زیاتری لایەنە نێودەوڵەتییەکان هەیە بۆ بتوانێت خزمەتگوزاری پێویست پێشکەش بەو ئافرەتان بکات.

لەلایەکی دیکەوە زیاتر لە (4,000) ئافرەتی ئێزیدی بەشداربوون لە خولی وشیار کردنەوە سەبارەت بە تەندرووستی ئافرەتی دووگیان و تەندرووستی سێکسی و خۆپاراستن لەو نەخۆشیانەی لە رێگای سێکسەوە دەگوازرێنەوە و رێگا گرتن لە دووگیانی نەخوازراو و چۆنیەتی راگرتنی پاك و خاوێنی جەستەیی خۆیان لەو ژینگە نوێیە بۆ ئەوەی منداڵەکانیان بەشێوەیەکی سروشتی و تەندرووست لە دایك بێت. ئافرەتە رزگار کراوەکان پشکنینی تایبەتی خوێن و دووگیانی و ئەو نەخۆشیانەشیان بۆ کراوە کە لە رێگای سێکسەوە تووشی مرۆڤ دەبن، وەك پشکنینی ئایدز کە بۆ زۆربەیان ئەنجامدراو هەندێکیان چارەسەری پێویستیان وەرگرتووە، چونکە دووچاری دەستدرێژی بوون.

<u>**جینۆساید ناساندنی کەیسی کۆمەڵکوژی ئێزیدییەکان:**</u>

ئەو کارەساتەی دەرهەق بە کوردانی ئێزیدا ئەنجامدرا بە پێوەرە نێودەوڵەتییەکان دەچێتە خانەی تاوانی جینۆساید  و ئەگەرچی عێراق ئەندام نییە لە دادگای تاوانی نێودەوڵەتی بۆیە بە جینۆساید ناساندنی کۆمەڵکوژیی ئێزیدییەکان کارێکی ئاسان نییە، سەرەڕای ئەمەش حکومەتی هەرێم لەسەر هەموو ئاستەکانی لە هەوڵی بەردەوامدایە بۆ بە جینۆساید ناساندنی، ئەمەی خوارەوە ئەو هەنگاوانەی کە حکومەت لەم پێناوەدا هاویشتوویەتی.

**بەڕێوەبەرایەتی کاروباری ئێزیدییەکان لە وەزارەتی ئەوقاف:**

حکومەتی هەرێم لێژنەیەکی دامەزراندووە کە پێکهاتووە لە نوێنەرانی وەزارەتە پەیوەندیدارەکان شەهیدان وئەنفالکراوەکان، کارو کاروباری کۆمەڵایەتی، فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە و نوێنەری یاساناسی ئێزیدییەکان.

ئەرکی سەرەکی ئەم لێژنەیە کۆکردنەوەی زۆرترین بەڵگە و دوکیۆمنتە لەسەر تاوانەکانی داعش و تا ئێستاش بە هەزاران بەڵگە لەسەر ئەم تاوانە کۆکراونەتەوە، هەروەها چەندین لێژنەی لاوەکی دامەزراوە لە ناوەوە و دەرەوەی کوردستان لە ئەمریکا، فەرەنسا، ئەڵمانیا، ئیتاڵیا، هۆڵەندا، یەکێتی ئەوروپا ئەم لیژنانە دەستیان بە کارەکانیان کردووە بۆ ناساندنی ئەم کەیسە وەك جینۆساید. بەم میکانیزمەوە حکومەتی هەرێم لە هەوڵی ئەوەدایە رێکارە یاساییەکان بگرێتە بەر بۆ تۆمارکردنی ئەم داواکارییە و پێشکەش کردنی بەڵگە پەیوەندیدارەکان بۆ دادگای باڵای تاوانی نێودەوڵەتی لە لاهای.

لەلایەکی دیکەوە لیژنەی مافی ئافرەتان لە پەرلەمانی کوردستان هەوڵەکانی دەستپێکرد بۆ کۆکردنەوەی کۆمەك بۆ ئەو ئافرەتانە، هەروەها ئەندامانی لێژنەی ناوبراو لە بەغدا لەگەڵ وەزیری کاروباری کۆمەڵایەتی حکومەتی فیدراڵی کۆبوونەوەیان ئەنجامداوە بۆ دۆزینەوەی چارەسەرێکی بە پەلە بۆ کەیسی ئافرەتە ئێزیدییە رفێندراوەکان، دواتر حکومەتی فیدراڵ لێژنەیەکی بەدواداچوونی راستییەکانی ناردە هەرێم بۆ یارمەتیدان و قەرەبوو کردنەوەی ئافرەتە ئێزیدییە رزگاربووەکان. بۆ ئەم مەبەستە سەردانی کەمپەکانیشی کرد.

جگە لەم هەوڵە بەردەوامانە دامودەزگا حکومیەکانی هەرێم بە هەماهەنگی لەگەڵ نەتەوە یەکگرتووەکان لە هەوڵی ئەوەدان کە لەسەر ئاستی نیشتیمانی و نێودەوڵەتی رێگا بدرێت بە دادگای تاوانی نێودەوڵەتی ئەرکەکانی جێبەجێ بکات لە عێراق لە بابەتی ئەو تاوانانەی کە دژ بە ئێزیدییەکان ئەنجامدراون لەلایەن داعش.

**وەزارەتی ناوخۆ:**

حکومەتی هەرێم گرنگییەکی زۆری بە لایەنی یاسایی ئاوارەکان داوە، چونکە دوای ئاوارەبوونیان ئێزیدییەکان پێویستیان بە یارمەتیدانی یاسایی هەبوو بۆ وەرگرتنەوەی مافەکانی خۆیان، بۆ ئەم مەبەستەش زیاتر لە (33,000) کەیس لە رووی یاساییەوە پاڵپشتی کراون و ژمارەی ئەو کەسانەی سوودیان لەم پاڵپشتییە وەرگرتووە لە مانگی 3ی ساڵی 2015 گەیشتە زیاتر لە (60,000) کەس.

**<u>رێوشوێنیهاتوچۆی ئاوارەکان و پەنابەران لە کەمپەکاندا:</u>**

رۆژانە خوشک و برا عەرەبەکان لە ژێر دەسەڵاتی داعش روو دەکەنە ناوچەکانی ژێردەسەڵاتی حکومەتی هەرێمی کوردستان و سەرەڕای ئەو بارودۆخە ئابوورییە پێشوازییان لێدەکات و لە کەمپەکان نیشتەجێیان، هەروەها بە دەیان هەزار لەو ئاوارە عەرەبانە لە دەرەوەی کەمپەکان و لە شار و شارۆچکەکانی کوردستان نیشتەجێن، ئێستا لە کوردستان لە (٣٥) کەمپی ئاوارە و پەنابەران هەیە و بۆ پاراستنی ئاسایشی و رێکخستنی ژیانی ئاوارە و پەنابەران لە کەمپەکان دەزگا پەیوەندیدارەکانی حکومەتی هەرێم چەند رێوشوێنێکی تایبەت دەگیرێتە بەر.

**سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان:**

بەپێی بڕیاری ژمارە ٣ی سەرۆکایەتیی هەرێم کە لە ١٧/ ٣/ ٢٠١٦ لەلایەن سەرۆك بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان وفەرماندەی گشتی هێزی پێشمەرگەی کوردستان دەرچووە و واژۆ کراوە، ئاماژە بەوەکراوە کە دەبێت لە کاتی شەڕی داعش هەموو هێزی پێشمەرگە پابەندی چەند خاڵێک بن.

لە بڕیارەکەی سەرۆکایەتی هەرێمدا هاتووە، پێویستە بە هەموو شێوەیەک خەڵکی سڤیل بپارێزرێت و رێگە نەدرێت دەستدرێژی بکرێتە سەر ماڵ و موڵک و خانووبەرەی خەڵکی سڤیل، خانوو و ئاوایی و گوندەکان بپارێزرێت لە کاتی ئازادکردنی هەر دەڤەرێک لەژێر دەستی ڕێکخراوی تیرۆرستیی داعش.

لە بڕیارەکەدا ئەوەش هاتووە کە هیچ هاووڵاتیەک لە شوێنی نیشتەجێبوونی خۆی لە دەڤەرە ڕزگارکراوەکانی ژێردەستی داعش نەگوازرێنەوە بۆ شوێنێکی تر بەبێ هۆکاری یاسایی یان سەربازی.هەروەها هاتوچۆی گشت هاووڵاتیان بۆ هەر شوێنێک ئازادە لە چوارچێوەی ڕێنماییەکانی ئاسایش و لایەنەسەربازییەکانی هەرێم، هیچ ڕێگرتنێک نییە لە هاتوچۆی هاووڵاتیان جگە لە شوێنەکانی هێڵەکانی تەماسی سەربازی.

**وەزارەتی ناوخۆ:**

کۆکردنەوەی ژمارەیەکی زۆری پەنابەر و ئاوارە لە کەمپەکاندا کارێکی ئاسان نییە و پێویستی بە چاودێری ورد هەیە بۆ پاراستنیان و ئارامی ناو کەمپەکان و رێگا گرتن لە هەر کارێک یان دیاردەیەک کە ژیان و سەقامگیرییان بشێوێنێ، بۆیە رێوشوێنی تایبەتی دەگیرێتە بەر بۆ هاتوچۆی ئاوارە و پەنابەران و ئەو هاووڵاتیانەی سەردانی کەمپەکان دەکەن.

بۆ پێشکەش کردنی خزمەتگوزارییە پێویستەکان بە ئاوارە و پەنابەران لایەنە پەیوەندیدارەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئاسانکاریی زۆریان بۆ ئاژانسە نێودەوڵەتییەکانی سەر بە یوئێن وەك (IOM – UNHCR یونسێف... تاد) کردووە و ئەم ڕێکخراوە لەناو کەمپەکانی ئاوارە و پەنابەراندا بوونیان هەیە لە هەرێمی کوردستان و هەڵدەستن بە سەرپەرشتی کردنی دابەشکردنی یارمەتی و هاوکارییەکان بەسەر ئاوارە و پەنابەران.

جگە لە ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان ڕێکخراوە ناحکومییەکان (NGO)ی کوردستان و عێراقیش لە نێو کەمپەکاندا کار دەکەن و ئەو کارانە ئەنجام دەدەن کە ئاژانسەکانی سەر بە یوئێن پێیان دەسپێرن، ئەنجامدانی راپرسی و داتا کۆکردنەوە لەنێو کەمپەکاندا لەلایەن ڕێکخراوە ناحکومییەکان (NGO)ی کوردستانی و عێراقی، لەبەر هۆکاری ئەمنی و کۆمەڵایەتی پێویستی بە رەزامەندیی وەزارەتی ناوخۆ یان پارێزگا هەیە،چونکە بەپێی دابونەریتی کۆمەڵایەتی گونجاو نییە و ئەو خێزانانەی لە کەمپەکەدا نیشتەجێن تایبەتمەندیی خۆیان هەیە و هاتوچۆ کردنی خەڵکانی دەرەوەی کەمپەکان بۆ ناو خێزانەکان رەنگە ببێتە هۆی هەستیاری درووستکردن لەلایەن خۆدی خێزانی ئاوارەکانەوە نەك دام و دەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

سەرەڕای ئەمەش تا ئێستا کاری هیچ ڕێکخراوێکی (NGO)ی کوردستان و عێراقی رەت نەکراوەتەوە کە مەبەستی پێشکەش کردنی خزمەتگوزاری و یارمەتی بێت بە ئاوارەکان تەنیا لە دوو حاڵەت نەبێت:

1. ئەگەر رێکخراوەکە مۆڵەتی نەبێت لەلایەن فەرمانگەی تۆمارکردنی رێکخراوەکان لە هەرێمی کوردستان یاخود فەرمانگە پەیوەندیدارەکان،چونکە تۆمار نەکردنی رێکخراوەکە دەبێتە رێگرییەکی یاسایی لەبەردەم رێگادان بە رێکخراوەکە بۆ ئەنجامدانی کاری خۆی.

2. ئەگەر سەرنج و تێبینی ئەمنی لەسەر رێکخراوەکە هەبێت جا رێکخراوەکە کوردستانی بێت یان عێراقی.

هەروەها وەزارەتی ناوخۆ بە نیازی دەرکردنی رێنمایی نوێیە تایبەت بە کاری رێکخراوە ناحکومییەکان (NGO)ی کوردستانی و عێراقی لەنێو کەمپەکانی ئاوارە و پەنابەران و ئێستا ئەم رێنماییانە لە قۆناغی کۆتاییدان و بەم زووانە دوای رەزامەندی دەربرین لەلایەن بەڕێز وەزیری ناوخۆوە بڵاودەکرێتەوە و تۆمار دەکرێت لە رۆژنامەی (وقائع کوردستان) بە مەبەستی جێبەجێکردنی.

**پارێزگای دهۆك:**

حکومەتی هەرێمی کوردستان لە هەوڵی بەردەوام دایە بۆ گرتنە بەری هەموو رێوشوێنێکی ئەمنی پێویست بۆ پاراستنی کەمپەکانی ئاوارە و پەنابەرە سوریەکان. بۆ ئەم مەبەستەش چەندین بنکەی پۆلیس و ئاسایش و نووسینگەی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بە ئافرەت لەناو ئەو کەمپانە کراونەتەوە. ئەرکی ئەم نووسینگەیە پێشوازی کردن و وەرگرتنی ئەو سکاڵا و داواکاریانەیە کە هاووڵاتیان بە گشتی و ئافرەتان بەتایبەتی بەرزی دەکەنەوە لە بارەی توندوتیژی خێزانی یان دەستدرێژی سێکسی.

ئاوارە و پەنابەران ئازادن بۆ چوونە دەرەوە لە کەمپەکان و حکومەت خزمەتگوزارییە پێویستەکانی پێشکەش کردوون هەروەها ئەوەشیان هەیە کار بکەن و ئازادن لە هاتوچۆ کردن، بەڵام بۆ رێکخستنی هاتوچۆی ناو کەمپەکان و کۆنترۆڵکردنیان بەرنامەیەکی تایبەت رێکخراوە و کارمەندانی حکومەت و رێکخراوە مرۆییەکان نێودەوڵەتی و عێراقی و ئەو کەسانەی کە باجیان هەیە یان باجیان پێدەدرێت دەتوانن سەردانی کەمپەکانی و شوێنی نیشتەجێبوونی ئاوارەکان بکەن و کاری خۆیان ئەنجام بدەن دوای وەرگرتنی رەزامەندی سەرپەرشتیارانی کەمپەکان.

بۆ رێکخستنی هاتوچۆی ناو کەمپەکان و کۆنترۆڵکردنییان بە بەرنامەیەکی تایبەت بۆ هاتوچۆی ئاوارە و پەنابەران رێکخراوە و بەپێی ئەم بەرنامەیە هیچ کەسی دیکە جگە لەوانەی کە نیشتەجێی کەمپەکان نەبێت ناتوانێت بچێتە ناو کەمپەکان جگە لە کارمەندانی حکومەت و رێکخراوە مرۆییەکان کە ئەمانیش باجی تایبەتیان هەیە بۆ چوونە ژوورەوە.

سەبارەت بە پرۆسەی یارمەتیدانی ئاوارە و پەنابەران و چۆنیەتی پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییە هەماهەنگی تەواو هەیە لە نێوان بەرێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان و ئاژانسی نەتەوەیەکگرتووەکان تایبەت بە پاراستنی پەنابەران (UNHCR) و رێکخراوە مرۆییەکان و بەشێوەیەکی دەوری کۆبوونەوەی ئەنجام دەدرێت بۆ باس کردنی بارودۆخی.

**<u>ئەو رێوشوێنانەی لە بازگەکان دەگیرێنە بەر:</u>**

تێکدانی ئەمن و ئاسایشی هەرێمی کوردستان و ئەنجامدانی کردەوە تیرۆریستییەکان یەکێکە لە ئامانجە سەرەکییەکانی تیرۆریستانی داعش و لەو پێناوەدا هەموو هەوڵێک دەدەن، لایەنە پەیوەندیدارەکانی حکومەتی هەرێم بۆ رێگەگرتن لە کردەوەی تیرۆریستی و سەقامگیری و ئاسایشی هەرێم چەند رێوشوێنێکی تایابەت لە بازگەکان دەگرنە بەر کە مەبەستی سەرەکی لێیان پاراستنی ژیانی هاووڵاتیان و ئاسایشی کوردستانە، لەم بارەیەوە لایەنە پەیوەندیدارەکان بەو شێوەیە باسیان لەو رێوشوێنانە کردووە.

**وەزارەتی پێشمەرگە:**

ئەو رێوشوێنانەی کە لە بازگەکاندا پەیڕەو دەکرێن کارێکی ئاساییە و پەیوەندی بە ئاسایشی و سەقامگیریی هەرێمەوە هەیە و نەك تەنیا لە هەرێمی کوردستان بەڵکو لە هەموو جیهان رێوشوێنی تایبەت پیادە دەکرێت بۆ وردبینی و دڵنیا بوون لە ناسنامەی ئاوارە و پەنابەران لەگەڵ ئەو زانیاریانەی هەیە دەربارەی لیستی ناوی تیرۆریستان لای دام و دەزگا ئەمنییەکان، ئەم رێوشوێنانەش تەنیا بۆ پاراستنی سەلامەتی دانیشتوانی هەرێمی کوردستانە بە ئاوارەکانیشەوە و تەنیا ئاوارە و پەنابەران ناگرێتەوە، بەڵکو هەر کەسێك بە بازگەکان تێپەڕ بێت داوای ناسنامەی لێدەکرێت، چونکە کۆنترۆڵکردنی ئەم ژمارە زۆرەی ئاوارە ئاسان نییە و پێویستە رێوشوێنیتایبەتە،بەڵامسەرەڕای ئەمەش وەزارەتی پیشمەرگە ئاسانکاری زۆری کردووە بۆ مەبەستی گەیاندنی خزمەتگوزارییە مرۆییەکان.

سەبارەت بە ئازادی هاتوچۆی ئاوارە و پەنابەران، ئەوان ئازادان لە هاتوچۆ کردن، بەڵام بۆ پاراستنی سەقامگیری و ئاسایشی کەمپەکانئەو رێوشوێنانە دەگیرێتە بەر، چونکە دەزگا ئەمنییەکانی حکومەتی هەرێم دڵنیا نین لە ناسنامەیان و تا ئێستا ژمارەیەکی زۆر لە تیرۆریستانی داعش لە نێو ئەو خانەوادە ئاوارانەی کە روویان کردۆتە ناوچەکانی ژێردەسەڵاتی پێشمەرگە دزەیان کردووە و دواتر لەلایەن دەزگا ئەمنییەکانەوە دەستگیرکراون، جگە لە بازگەکان چەند جارێک لە کاتی پشکنینی ئەو کەسانە لە ساترەکان و خاڵەکانی پشکنین چەکی جۆراوجۆریان پێ بووە و ویستوویانە بیهێننە ناوچەکانی ژێردەسەڵاتی پێشمەرگە بۆیە ئەو رێوشوێنانە ئاساییین تەنانەت پێشتر چەند رێکخراوێک ئاماژەیان بەوە کردبوو کە رێوشوێنەکانی هاتوچۆکردن بۆ ناو کەمپەکان پێویستە توندتر بکرێت بۆ پاراستنی ئاسایش و ژیانی ئاوارە و پەنابەرانی نیشتەجێی کەمپەکان.

دەزگاکانی سەر بە وەزارەتی پێشمەرگە دووپات دەکەنەوە کە هەر کەسێك لە ئاوارەکان سکاڵا بەرز بکاتەوە دژی پێشمەرگە و کارمەندانی سەر بە وەزارەتی پێشمەرگە و بەڵگەی سەلمێنەری هەبێت کە لەو رووە مافی پێشێل کراوە لە رێگای فەرمانگەی یاسایی وەزارەتەوە لێکۆڵینەوە لەگەڵ ئەنجامدەرانی ئەم رەفتارانە دەکەن و هاریکاری ئەو کەسانە دەکەن کە داوای مافی خۆیانە بکەن.

**بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی گشتی (هەولێر):**

ئەو رێوشوێنانەی کە لە بازگەکان پیادە دەکرێن بەبێ جیاوازی ئەنجام دەدرێن واتە هەر کەسێك پێیدا تێپەڕ بێت و مەبەستیان لێی پاراستنی ئاسایش و سەقامگیری هەرێمی کوردستانەوە هەیە و ئەمە لە هەموو شوێنێك پیادە دەکرێ بەتایبەتی لەو

شوێنانەی کە لە حاڵەتی شەڕدان  و زۆر جار کەسانی سەر بە رێکخراوە تیرۆریستییەکان هەوڵ دەدەن دزە بکەن بۆ نێو هەرێمی کوردستان، و تا ئێستا چەندین کەس دەستگیرکراون بە تۆمەتی پەیوەندییان بە داعشەوە و دوای لێکۆڵینەوە لەگەڵیان ژمارەیەکیان ئازاد کراون، بەڵام ژمارەیەکی دیکەیان ماونەتەوەو لە ژێر لێکۆڵینەوەدان، ئەوانی دەستگیریش کراون گشت مافێکیان هەیە وەك هەر گیراوێکی دیکە بۆ نموونە بۆیان هەیە پارێزەر بگرن و کەس و کاریشیان دەیانبینن.

**<u>کەمپی نەزراوە:</u>**

لە راپۆرتی رێکخراوی ناوبراودا باس لە بارودۆخی ئەو ئاوارە عەرەبانە کراوە کە نیشتەجێی کەمپەکەن گوایە بە زۆری لەو کەمپە نیشتەجێ کراوەن و رێگایان پێنادرێ لە کەمپەکە دەربچن تەنانەت بۆ وەرگرتنی خزمەتگوزاری تەندروستی پێویست بەتایبەتی ئەو ئافرەتانەی کە پیاوەکانیان لەگەڵیان نییە، بۆ روونکردنەوەی بابەتەکە، ئەمەی خوارەوە زانیاری وردی لایەنی پەیوەندیدارە سەبارەت بەم بابەتە.

**نووسینگەی کۆچ و کۆچبەرانی عێراقی لە کەرکوک:**

ئەم کەمپە لە دەرەوەی کەرکوکە و بەم دواییانە بە پێشنیار و بیرۆکەی نوسینگەی کۆچ و کۆچبەرانی کەرکوک و پارێزگاری کەرکوک دامەزراوە بۆ ئەوەی یارمەتی و هاوکاری ئەو خێزانانە بکرێت کە لە دەستی داعش رزگار دەبن و خۆیان دەگەیەننە سەنگەرەکانی هێزی پێشمەرگە و هێزە ئەمنییە حکومییەکان.

پێشتر بە مانگێک یاخود زیاتر خەڵک لەو ساترانە دەمانەوە لەبەر هۆکاری ئەمنی و بۆدڵنیابوون لە ناسنامەیان  و رێگەگرتن لە دزە کردنی داعش بۆ نێو خەڵکەکە بۆیە بڕیاردرا کەمپی نەزراوا دابمەزرێت بۆ ئەوەی لە جیاتی پشکنین و رێوشوێنی ئەمنی توند لەوێ نیشتەجێ دەکرێن بۆ ئەوەی لەرووی ئەمنییەوە زیاتر پارێزراو بن،هەروەها پێشکەش کردنی هاوکاری و خزمەتگوزاریش لەوێ ئاسانترە بۆ حکومەت و رێکخراوەکان.

نزیکەی (٣٥٠) خێزان لەو کەمپەدا نیشتەجێن، بەپێی ئەو رێوشوێنە ئەمنیانەی کە پەیڕەو دەکرێن دەتوانن هاتوچۆ بکەن، بەڵام ئەو خەڵکە کە دێنە کەمپەکە بۆ ووردبوونەوە لە ناوەکانیان و دڵنیا بوون لێیان ناسنامەکانیان لێ وەردەگیرێت، ئەم ووردبوونەوە لەلایەن نووسینگەی کۆچ و کۆچبەرانی حکومەتی ئیتیحادی ئەنجام دەدرێت نزیکەی ٢٠-٣٠ رۆژ دەخایەنێت،چونکە پێویستی بە وردبوونەوە لە ناوەکان هەیە لەگەڵ لایەنە ئەمنیەکانی بەغدا و پارێزگاکانی تری عێراق و  بۆ ئەوەی پرۆسەکە بە رێکوپێکی ئەنجام بدرێت و دوای دڵنیا بوون لێیان تۆماریان دەکەن و دیکیۆمنتەکانیان پێ دەدرێتەوە و دەتوانن بە ئاسانی هاتوچۆ بکەن و هاوکاری و یارمەتییە پێویستەکانیش وەردەگرن، بەشێوەیەکی گشتیدڵنیابوون و وردبوونەوە لە راستی لە ناوەکانیان هەندێک کاتی پێویستە.

کەمپەکانی دیکەی کەرکوک وەک: کەمپی یەحیاوا کەمپی لەیلان و کەمپی باوە، ئەمانە سێ کەمپی هەمیشەیین و خزمەتگوزارییە سەرەکی و پێویستەکانیان پێشکەش دەکرێت و خەڵکەکەی ئازادن لە هاتوچۆ کردن و تەنانەت دەتوانن لە شوێنەکانی تر بژین.

**<u>مامەڵەکردنی دادگاکانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ ئاوارەو پەنابەران:</u>**

دوای هێرشی داعش بۆ سەر موسڵ و دواتر بۆ شنگال و چەند ناوچەیەکی دیکەی هەرێمی کوردستان ژمارەیەکی زۆری هاووڵاتیانی ئەم ناوچانە ئاوارە بوون و روویان لە هەرێمی کوردستان کرد بەڵام لە کاتی هاتنیان بەشێکی زۆری ئەم هاووڵاتیانە بەڵگەنامە رەسمییەکانیان پێ نەبوو بەمەش دووچاری گرفت و ئاستەنگ بوونەوە لە زۆر رووەوە.

حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ رێکخستنی کاروباریان ئاسانکارییەکی زۆری ئاوارە و پەنابەرەکانی کرد بۆ دەستخستنی بەڵگەنامە رەسمیە پێویستەکان و رایی کردنی کاروباریان.، ئەمەی خوارەوە ئەو هاوکاریانەیە کە لایەنە پەیوەندیدارەکانی حکومەت لەم رووەوە پێشکەشی کردوون.

**ئەنجوومەنی دادوەری:**

لەگەڵ دەستپێکی شەڕو ئاڵۆزییەکانی سوریا، هاتنی پەنابەرانی رۆژئاوای کوردستان بۆ هەرێمی کوردستان دەستی پێکرد، دواتر لەگەڵ دەستپێکردنی گرتنی موسڵ و چەندناوچەیەکی دیکەی عێراق لەلایەن داعشەوە ژمارەیەکی زۆر ئاوارەی عێراقی روویان لە هەرێمی کوردستان کرد.

سەبارەت بە مامەڵەکردنی دادگاکانی هەرێم لەگەڵ ئاوارەو پەنابەران، ئەو پەنابەرانەی کە خەڵکی عێراق نین و خەڵکی سوریان، بە تایبەت کوردە ئاوارەکانی رۆژئاوای کوردستان، ئەگەر کارێکیان بکەوێتە دادگاکانی هەرێم (بەتایبەت مەسەلەی مارەبڕین یان جیابوونەوە و بابەتەکانی تایبەت بە یاسای باری کەسێتی)، نووسراویان بۆ ئاسایشی گشتی هەرێم دەکرێت، ئەویش بە لەبەرچاو گرتنی ئەو ناسنامەو بەڵگەنامانەی کە هەیانە.

دواتر ئاسایش بەپێی بەڵگەنامەکان لاری نەبوونی خۆی بە نووسراوێك بۆ ئەو پەنابەرە دیار دەکات. ئینجا پێویستە پەنابەری رۆژئاوای کوردستان سەردانی دادنووس بکات و لەوێ بەڵێننامەیەك پڕ دەکاتەوە کە بۆ نموونە مارەبڕین دەکات یان بۆ جیابوونەوەیە یانیش بۆ پرسەکانی تایبەت بە کۆچکردن و دەرهێنانی بەیاننامەی کۆچکردن یان هەر پرسێکی تایبەت بە یاسای باری کەسێتیە کە لێرەدا بەپێی یاسای عێراقی  مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت و هەندێ جار لە کاتی نەبوونی ناسنامە یان بەڵگەنامەی پێویست دوو شایەد دێنن و مامەڵەکانیان رایی دەکەن.

هەروەها بۆ ئاسانكاری زیاتری ئەو پەنابەرو ئاوارانەش، ئێستا دادگایەكی تێهەڵچوونەوە (استئناف) لەناوچەی شێخان كراوەتەوە كە تایبەتە بۆ بەدواداچوون بۆ كێشەی ئەو ئاوارانەی كە خەڵكی پارێزگای نەینەواو شاری موسڵ و دەوروبەرین. واتا ئەگەر خەڵكی موسڵ كێشەیەكی مەدەنی یان تایبەتی نێو سنووری پارێزگای نەینەوایان هەبێت ئەوە سەردانی ئەو دادگایە دەكەن. بەڵام ئەگەر ئاوارەیەك لە سنوری دادگای تێهەڵچوونەوەی هەولێر یان سلێمانی یان دهۆك تووشی تاوانێك یان رووداوێك هات، ئەوا ئەگەر سكاڵا تۆمار كرا، هەر لە سنوری ئەو دادگایە پرۆسەی دادبینی بۆی بەرێوە دەچێت بەپێی یاسا بەركارەكانی عێراق و هەرێمی كوردستان.

بەڵام ئەگەر لە ناوچەیەكی دیكەی عێراق تووشی رووداوێك یان تاوانێك بوون، ئەوە لێرە بەپێی ئەوەی كە ئایا نێوبراو سكاڵای تۆمار كردووە یانیش تاوانبارە، مامەڵەی لەگەڵ دا دەكرێت و ئەگەر تاوانبار بێت دەستگیر دەكرێت وبە پێی (اختصاص مكانی) مامەڵەی لەگەڵدا دەكرێت.

بە هەمان شێوە، سەبارەت بەو پەنابەرانەی كە خەڵكی عێراق نین، بە تایبەت پەنابەرەكانی رۆژئاوای كوردستان، بەپێی یاسا بەركارەكانی عێراق و هەرێم مامەڵەیان لەگەڵدا دەكرێت و ئەویش بە هەماهەنگی لەگەڵ ئاسایشی گشتی و دادنوسەكانی هەرێمی كوردستان.

لە ماددەی 14 لە دەستوری عێراقیدا هاتووە كە عێراقیەكان یەكسانن لەبەردەم یاسادا بەبێ جیاوازی رەگەز یان نەژاد یان نەتەوە یان بنەچە یان رەنگ یان ئایین یان ئایینزا یان بیروباوەڕ یان بۆچون یا بارودۆخی ئابووری یان كۆمەڵایەتی. هەروەها رەشنووسی دەستوری هەرێمی كوردستاندا هەنگاوێكی زیاتری هەڵگرتووە و پێكهاتەكانی دیكەی وەك كەمایەتی وێنا نەكردووە، چونكە لە ماددەی (5)ی ئەم رەشنووسەدا هاتوە كە: " گەلی هەرێمی كوردستان پێكهاتووە لە كورد، توركمان، عەرەب، كلدان سریان ئاشوری، ئەرمەن و هاووڵاتیانی دیكەی هەرێمی كوردستان".

بە هەمان شێوە لە ماددەی (20) برگە(2)ی ئەم رەشنوسەدا هاتووە كە" هەمو چەشنە جیاكاریەك لەروی نەژاد، رەنگ، رەگەز، زمان، پێگەی كۆمەڵایەتی وڵاتنامە، بنەچە، ئایین، بیروباوەڕ، هزر، تەمەن، باری ئابووری، كۆمەڵایەتی، سیاسی، یان كەم ئەندامی قەدەغەیە.

حكومەتی هەرێمی كوردستان سیاسەتێكی ڕوونی هەیە لەم ڕووەوە، ئەویش كردنەوەی سنورەكانە بە ڕووی سەرجەم كەمینەكانی ناوەڕاست و باشووری عێراق. هەرێمی كوردستان بۆتە ماڵ و مەنزڵگای كەمینە ئاینی و نەتەوەیی و كەلتوری و ئیتنیە جیاوازەكان.

حكومەتی هەرێمی كوردستان بەبێ جیاوازی دەرگاكانی هەرێمی واڵای كردووە و تائێستا بەدەیان هەزار خێزانی عەرەب و مەسیحی و ئێزیدی و توركمان لەناوچەكانی باشوور و ناوەڕاستی عیراق بۆ پاراستنی گیانی خۆیان رویان لە شارەكانی هەرێمی كوردستان كردووە و حكومەتی هەرێمیش بەپێی توانا هەموو ئاسانكاریەكی بۆ ئەنجامداوە و ئێستاش وەكو هاووڵاتیانی كوردستان ژیانی رۆژانەی خۆیان دەبەنە سەر بەبێ هیچ جیاكارییەك.

**وەزارەتی داد:**

له هەرێمی کوردستان هەموو کەسێك مافی ئەوەیان هەیە لەبەردەم دادگا پارێزگاری لە خۆیان بکەن و لە کاتی دەست بەسەر کردنیان پێویستە راستەوخۆ تۆمەتەکەیان ئاراستە بکرێت کە بە هۆیەوە دەست بەسەر کراوە، هەروەها دەتوانێت پارێزەر بۆخۆی دابین بکات، بەڵام ئەگەر نەیتوانی ئەوا دادگا پارێزەرێکی بۆ دابین دەکات و تێچووەکەشی دەکەوێتە ئەستۆی دەوڵەت، ئەمە رێکارێکی یاسایی دادگەرییە و ستەمکار و ستەم لێکراو بە مافی شیاوی خۆیان دەگەن بە شێوەیەك ستەم کار سزا دەدرێت و ستەم لێ کراو مافە زەوتکراوەکانی بۆ دەگەرێندرێتەوە.

هەر کاتێکیش کەسێك مافی زەوت بکرێت یان ستەمی لێبکرێت، مافی ئەوەی هەیە داوا تۆمار بکات و داوایەك بە نوسراو ئاراستەی دادگای تایبەتمەند بکات، لە بەردەم دادگا کێشەکەی یەك لایی دەکرێتەوە، جا هاووڵاتی هەرێمی کوردستان بن یاخود ئەو ئاوارانە بن کە ڕوویان لە هەرێمی کوردستان کردووە، بەشێوەیەکی گشتی ئەو مافە یاساییانەی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان هەیانە لە رووی مەدەنی و سزایی بە هەمان شێوە بەپێی یاسا بۆ ئەو ئاوارانەش دابینکراوە کە لە ناوچە جیاجیاکانی عێراقەوە روویان لە هەرێم کردووە بە مەبەستی گەیشتن بە دادپەروەری ئاوارەکانیش دەگرێتەوە، بەو پێیەش مافی کڕین و فرۆشتن و بە کرێ گرتنی خانوو و ئۆتۆمبێلیشیان هەیە.

هەروەها لە رووی دەستخستنی بەڵگەنامە پێویستەکان دام و دەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان گشتی پێداویستییەکانیان دابین کردووە، ئەمە جگە لەو خزمەتگوزاریانەی حکومەتی هەرێمی کوردستان پێشکەشیان دەکات لە هەموو بوارەکانەوە.

**نووسینگەی وەزارەتی کۆچ و کۆچبەرانی عێراق:**

ئەم ژمارە زۆرەی ئاوارە و راگوێزراوان گشت رێکارە یاساییەکانیان بۆ جێبەجێکراوە بە مەبەستی نیشتەجێ بوون لە هەرێم لە رێگای دام و دەزگا ئەمنییەکان بەم شێوەیەش شوێنی دانیشتن و پشتگیری موختاریان بۆ دەچەسپێت بۆ ئەوەی بەڵگەنامەی نیشتەجێبوونیان بۆ بکرێت و بەپێی ئەم بەڵگەنامەیە دەتوانن بە ئازادی هاتوچۆ بکەن لە دەرەوە و ناوەوەی هەرێمی کوردستان و ئەم رێوشوێنانەش بە پێویست دادەنرێن بە مەبەستی کۆنترۆڵ کردنی ئەم ژمارە زۆرەی راگوێزراوان و ریگا گرتن لەوەی تیرۆریستان دزە بکەنە نێویان و پاراستنی سنوورەکانی هەرێم و ژیانی دانیشتوانی بە ئاوارەکانیشەوە.

ئاوارە و راگوێزراوان لە رووی یاساییەو ئەم مافانەیان هەیە:

1. روو کردنە دادگاکان بە مەبەستی پێشکەش کردنی سکاڵا یان داوا لە (دادنووس، سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچوونەوە) و دام و دەزگاکانی تر لە هەرێم.
2. بەناو کردنی شوققە وخانوو.
3. دەستخستنی مۆڵەتی شوفێری لە بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆ.

4. سەردانی کردنی فەرمانگەی باج لەکاتی ئەنجامدانی مامەڵەی کڕین و فرۆشتن.

5. دەستخستنی پاسپۆرت و بەڵگەنامە رەسمییەکانی دیکە لە کاتی ون بوونیان.

6. گواستنەوەی پسولەی خۆراکی خێزانە ئاوارەکان بۆ پارێزگاکانی هەرێم بە هەماهەنگی لەگەڵ لایەنی پەیوەندیدار.

7. پێدانی پشتگیری بۆ گواستنەوە ڕاژەی ئەو ئاوارانەی کە کارمەندی موچەخۆربوون لە شوێنەکانی پێشوی خۆیان.

8. دابەشکردنی کەلوپەلی خۆراك و جل و بەرگ بەسەر سەرجەم خێزانەکان بە هەماهەنگی لەگەڵ ڕێکخراوە بیانیەکان.

**بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری ئێزیدییەکان (وەزارەتی ئەوقاف):**

زۆربەی هەرە زۆری ئاوارەکان بەڵگەنامە رەسمییەکانیان نەبوو کاتێك ئاوارە بوون، بۆ ئەوەی ئاسانکارییان بۆ بکرێت حکومەتی هەرێمی هاوکارییەکی زۆریان دەکات بۆ دەستخستنی ئەو بەڵگەنامانە بە دوو رێگا بەپێی ریزبەندی بەڵگەنامەکان:

1. فۆرمێکی تایبەتیان بۆ درووست دەکرێت لە قایمقایمیەتی شنگال بە ناوی (استمارە استبدال) کە ناوی هەموو ئەندامانی خێزانەکەی تێدایە ئەمەش بە شێوەیەکی کاتییە بۆ رایی کردنی کاروبارەکانیان و لەلایەن دام و دەزگاکانی حکومەتەوە کاری پێدەکرێت، ئەم فۆرمە بەشێوەیەکی کاتییە.

2. ئەوانەی کە لە شنگال رزگار بوون سەرەتا ئێمە نووسراوێکیان بۆ دەکەین بۆ فەرمانگەی باری شارستانی لە شێخان، دواتر نووسراوێکی تریان بۆ دەکەین بۆ فەرمانگەی رەگەزنامە لە شێخان بۆ دەستخستنی رەگەزنامە ئەم دوو فەرمانگەیەش سەر بە بەغدان و بە هەماهەنگی لەگەڵ دام و دەزگاکانی حکومەتی هەرێم کار دەکەن، ئینجا لە بەڕێوەبەرایەتی پاسپۆرت و نشینگەی دهۆك کە هاوکارییەکی زۆری ئاوارەکان دەکات لەم رووەوە، پاسپۆرتیان بۆ دەردەکات، بەمەش ئەو ئاوارانە دووبارە دەبنەوە خاوەن ئەم بەڵگەنامە پێویستانە.

3. جگە لەم بەڵگەنامانە ئاوارەکان دەتوانن لە هەرێمی کوردستان بەڵگەنامەکانی تریش دەست بخەن وەك مۆڵەتی شوفێری بەپێی ئەو رێنماییانەی کە لە هەرێم پیادە دەکرێ.

4. هەروەها وەك هەموو دانیشتووانی هەرێم هەموو مافێکی یاساییان هەیە و دەتوانن سکاڵا لە دادگاکانی هەرێم بەرز بکەنەوە.

**نووسینگەی کۆچ و کۆچبەرانی هەرێمی کوردستان:**

له چەند ساڵی رابردوودا به هەزاران خێزانی عەرەب روویان له شارەکانی هەرێمی کوردستان کردووه ، بەتایبەتی دوای ئەوەی داعش دەستی بەسەر رووبەرێکی زۆری خاکی عێراقیدا گرت ژمارەی ئەو ئاوارانه زیاتر بووه، چونکه له دوای هاتنی داعش تا ئێستا نزیکەی دوو ملیۆن ئاواره و پەنابەر روویان له هەرێمی کوردستان کردووه به هەر دوو شاری کەرکوك و گەرمیانەوه، رۆژانەش چەندین خێزانی ئاواره روو له هەرێمی کوردستان دەکەن.

لەبەر نەبوونی ناسنامه وپەڕاوی سەلماندن وتۆمارەکانی راگوێزراوەکان و مانەوەی ئەم دۆکیۆمینت و بەڵگەنامه یاساییانه له پارێزگاکانی دەرەوەی هەرێم، سەرەتا راگوێزراوان دووچاری کێشەی یاسایی بوونەوه بەتایبەت له بواری باری کەسیدا، بەڵام حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ چارەسەر کردنی ئەمه گرفته چەند نووسینگەیەکی تایبەتی کردەوه لەو شوێنانه ئاوارەکانی لێیه. هەر ئەم بارودۆخه هۆکاره بۆ بەباشی بەڕێوه نەچوونی پرۆسەی خوێندن ودابڕانی زۆربەی قوتابیانی راگوێزراو له خوێندن وفێربوون، بەڵام حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەم پرسەشی تا رادەیەک چارەسەر کردووه و چەندین قوتابخانه له کەمپەکانی هەرێمی کوردستان کراونەتەوه که ژمارەیەکی زۆر قوتابی تێیدا درێژه به خوێندن دەدەن و ئێستا پرۆسەی خوێندنیان قوتابخانەیان بۆ کراوەتەوه وخوێندنیان بەردەوامه لەژێر و لەسەر ئەستۆی حکومەتی هەرێمه.

**وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی:**

نەبوونی ئامارێکی تەواو لەسەر ئاستی تاکەکەسی ئاوارەکان رێگر بووه له داڕشتنی پلان و هەنگاوی پێویست بۆ چارەسەرکردنی کێشەی ئاواره و پەنابەران ئەمەش دەگەڕێتەوه بۆ ئەوەی که له ماوەیەکی کورتدا به لێشاو ڕوویان له هەرێمی کوردستان کردووه. بۆیه سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بڕیاریداوه که وەزارەته پەیوەندیدارەکان و رێکخراوەکان سەرژمێری گشتی ئاوارەکان ئەنجام بدەن بەمەبەستی دابینکردنی خزمەتگوزارییەکان بەتایبەتی بۆ خاوەن پێداویستییه تایبەتیەکان. ئەمه له کاتێکدایه که کۆمەڵگای نێودەوڵەتیش کەمتەرخەم بووه له دابینکردنی هاوکارییەکان وێڕای ئەوەی که حکومەتی هەرێمی کوردستان چەندین جار داوای هاوکاریی هەموو لایەنەکانی کردووه.

له سنووری پارێزگای دهۆك بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاودێری کۆمەڵایەتی له ناو کەمپەکان دەستیان کردووه به کۆکردنەوەی ئامار لەسەر ئەو منداڵانەی باوك و دایکیان نەماوه له ئەنجامی ئاوارەبونیان و ژمارەیان (568 منداڵه) که بەسەر کەسوکاریان دابەش کراونەتەوه و سەرپەرشتی دەکرێن و تا ئێستا تەنها لەلایەن سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان دووجار هاوکاری مادی کراون بەڵام به فەرمی هیچ کۆمەك و هاوکارییەك نەکراون لەلایەن ڕێکخراوه نێودەوڵەتییەکان.

**<u>هاوکاری کردنی ئاواره و پەنابەران له بواری پەروەردەوه و خوێندنی باڵاوه:</u>**

یەکێک لەکارانەی که حکومەتی هەرێم به ئەرکی سەر شانی خۆی زانی بریتی بوو له بێبەش نەبوونی قوتابییه ئاوارەکان له پرۆسەی خوێندن و دانەبڕانیان، لەم بوارەوه حکومەت چەند هەنگاوێکی گرنگی ناوه و ئێستاش له هەوڵەکانی بەردەوامه لەم بوارەوه. و ئەو کارانەی ئەنجامدراون لەم رووەوه بەمشێوەیه بوون:

**وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان:**

حکومەتی هەرێمی کوردستان بە مەبەستی چارەسەری کردنی خێرا گرفتی قوتابییەکان چەندین قوتابخانەی لە کەمپەکانی هەرێمی کوردستان کردۆتەوە کە ژمارەیەکی زۆر قوتابی تێیدا درێژە بە خوێندن دەدەن و بەپێی تواناکانی حکومەت پێداویستییەکانی خوێندنی بۆ دابینکراوە و لە بەشێکی زۆری قوتابخانەکانی شاری دهۆک پرۆسەی خوێندن لە ساڵی خوێندنی (٢٠١٤-٢٠١٥) بۆ ماوەیەک دواخست بەهۆی نیشتەجێ کردنی ژمارەیەکی زۆری ئاوارەکان لە بینایەی قوتابخانەکان بەشێوەیەکی کاتی تا ئەو کاتەی گوازرانەوە بۆ نێو کەمپەکان.

ئەو قوتابییە ئاوارانەی لە قوتابخانەکانی شار دەخوێنن و (وثیقة) و بەڵگەی تەواوی خوێندنیان نییە. پێویستە بەڵێننامە پڕ بکەنەوە کە بەر لە ئاوارە بوون لە چ قۆناغێکی خوێندندا بوون هەروەها دوای تەواو کردنی خوێندن لە هەرێمی کوردستان (وثیقة)ی پێنادرێت تا کاتی دڵنیابوون لە راستی زانیارییەکان.

بەپێی ئامارەکان (40%) ی منداڵە ئاوارەکان تەمەنیان لەژێر(18)ساڵیدایە، وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان ژینگەیەکی لەبارەی رەخساندووە تاکو ئەو منداڵانەی بۆیان هەیە بەپێی تەمەن بچنە بەر خوێندن دەست بە خوێندن بکەن کە ئەمەش مافێکی سەرەتایی خۆیانە.

لەم بارەیەوە بنکەی خوێندن و مامۆستا و کەلوپەلی پێویستی خوێندن بۆ کەمپەکان دابینکراوە هەروەها خولی تایبەتی پێویستی بۆ مامۆستایان کردۆتەوە بە هەماهەنگی لەگەڵ رێکخراوە نێودەوڵەتی و رێکخراوە ناحکومیەکان لە کەمپەکانی هەولێر، سلێمانی و دهۆك و پێداویستییەکانی خوێندنی بۆ منداڵی ئاوارە دابینکردووە هەروەها لە 3 قوتابخانەش وانەی وشیارکردنەوەی تایبەت پێشکەش بە قوتابییە ئاوارەکان کراوە بۆ ئەوەی بە ئاسانی بگونجێن لەگەڵ سیستەمی خوێندن لە هەرێم. وخولی مەشق و راهێنانی دەروونی و کۆمەڵایەتی بۆ مامۆستایانی کەمپەکان کردەوە بۆ راهێنانی قوتابیان لە ژینگە و بارودۆخە تایبەت و نوێیان .

یەکێك لە گرفتەکانی قوتابییە ئاوارەکان نەبوونی مامۆستای پێویست بوو، بەڵام حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ چارەسەر کردنی ئەم گرفتەش چەندین مامۆستای بە گرێبەست دامەزراندووە لە کەمپەکان و دەرەوەی کەمپەکان، دوایین ئاماری مامۆستای ئاوارە و ڕاگوێزراو لە هەرێمی کوردستان کە ژمارەیان دەگاتە نزیکەی (3856) لە هەردوو ڕەگەزی نێر و مێ و ئێستا کاردەکەن بۆ خزمەتکردنی بەردەوامی پرۆسەی خوێندن وپەروەردە لە ناو کەمپەکان ودەرەوەی کەمپەکان بە پێی خشتەی خوارەوە:

| شوێن | مامۆستای پەنابەر / ناو کەمپ | | مامۆستای پەنابەر / دەرەوەی کەمپ | | مامۆستای ئاوارە / ناو کەمپ | | مامۆستای ئاوارە / دەرەوەی کەمپ | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | نێر | مێ | نێر | مێ | نێر | مێ | نێر | مێ |
| **هەولێر** | 91 | 85 | 107 | 371 | 0 | 0 | 362 | 986 |

| | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| **دهۆك** | 161 | 159 | 122 | 337 | 0 | 0 | 115 | 92 |
| **سلێمانی** | 22 | 19 | 37 | 29 | 25 | 8 | 368 | 360 |
| **کۆی گشتی** | 274 | 263 | 266 | 737 | 25 | 8 | 845 | 1438 |
| | 3856 **مامۆستا** | | | | | | | |

**وەزارەتی کۆچ و کۆچبەرانی حکومەتی ئیتیحادی:**

حکومەتی هەرێمی کوردستان لە بواری پەروەردە هاوکاریی قوتابییە ئاوارەکان دەکات و تا ئێستا ژمارەی قوتابی و قوتابخانەکانی هەرێمی کوردستان کە بۆ ئاوارەکان دابینکراوە بەم شێوەیە:

| **پارێزگا** | **ژمارەی قوتابی** | **ژمارەی قوتابخانە** |
|---|---|---|
| **دهۆك** | 90120 | 220 **قوتابخانە و** 15 **قوتابخانەی کەرەڤانە** |
| **هەولێر** | 74000 | 67 **قوتابخانە** |
| **سلێمانی** | 52000 | 81 **قوتابخانە** |

سەرەڕای ئەم ژمارەیە وەزارەتی پەروەردەی هەرێم هاوکارییەکی زۆری قوتابییە ئاوارەکانی کردووە،بۆ ئەم مەبەستەش هەموو قوتابخانەکانی هەرێمی کردۆتەوە وەك بنکەی تاقیکردنەوە بۆ قوتابییە ئاوارەکان جگە لەو قوتابخانەی کە لە دهۆك کراونەتەوە (١٥٠) قوتابخانە وەك بنکەی تاقیکردنەوە بەکارهێنراون.هەروەها (4) قوتابخانە لە هەولێر بە کرێ گیراوە کە (3000) تا (4000) قوتابی لە خۆ دەگرێت.

هەروەها وەزارەتی پەروەردە لە حکومەتی هەرێمی کوردستان رێگای داوە کە گشت کەلوپەلەکانی بەکاربهێنن، و دەزگا ئەمنییەکان ئەرکی پاراستنی بنکەکانی تاقیکردنەوەی قوتابخانەکانی ئاوارەکان لە ئەستۆ دەگرێت.

له بواری خوێندنی باڵا حکومەتی هەرێمی کوردستان پشتیوانی و کارئاسانی بۆ قوتابییە ئاوارەکانی زانکۆ و پەیمانگاکان کردووە و ڕێگا بە قوتابیانی زانکۆی موسڵ دراوە کە لە هەولێر تاقیکردنەوەکانی خولی دووەم ئەنجام بدەن و لەم بوارەوە زیاتر لە (300) قوتابی کوڕ و کچ لە قوتابخانەی گشتی زانکۆی سەڵاحەددین تاقیکردنەوەکانیان ئەنجامدا.

بە هەمان شێوە نزیکەی (5000) قوتابی زانکۆکانی ئەنبار لە زانکۆی سلێمانی و سەڵاحەددین (تکریت) تاقیکردنەوەی خولی دووەمیان ئەنجامداوە و زانکۆی جیهانیش پێشوازیی لە (1500) قوتابی کردووە.

**بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری ئێزیدییەکان (وەزارەتی ئەوقاف):**

گشت قوتابییە ئاوارەکان بە هەموو قۆناغەکانی خوێندن هەر لە سەرەتاییەوە تاکو زانکۆ درێژە بە خوێندنی خۆیان دەدەن لە هەرێم بەپێی (استمارە استبدال) بۆ ساڵی خوێندنی 2015-2016 تەنیا ئەو قوتابییە ئێزیدیانەی کە لە زانکۆ و پەیمانگاکانی هەرێم بە میوانداری (استضافة) دەخوێنن ژمارەیان (1050) قوتابییە، لە هەموو کەمپەکانیش قوتابخانەی کراوەتەوە و ئەو ئاوارە لە دەرەوەی کەمپەکانیشن لە قوتابخانەکانی شوێنەکانی خۆیان درێژە بە خوێندن دەدەن.